


# سەرنج بدە تەمەنی پارێز!

کەسی تەمەن سەرەوەی ١٦ ساڵە بۆی نیە پێوەندی سێکسی *هەبێت لە گەڵ کەسی خوارەوەی ١٦ ساڵە.

* کردەوەی سێکسی بۆ نموونە بە واتای پێوەندی سێکسی، ماچ کردن و لاواندنەوەیە.

تەمەنی پارێزی ١٨ ساڵانە کەسانی خوارەوەی ئەو تەمەنە لە هەموو کردەوەیەکی سێکسی لە لایەن مامۆستا، ڕاهێنەر یان کاربەدەستی دیکە دەپارێزێت.

ئامادەکردن، بڵاوکردنەوە و ڕاگرتنی وێنەیەک کە سنووری سێکسی منالّی ژێر ١٨ ساڵ پێشێل بکات بە تاوان دەژمێردرێت.

هەوڵدان و کڕینی خزمەتگوزاری سێکسی لە کەسی ژێر ١٨ ساڵ بەتاوان دەژمێردرێت.


---

بە تەمەنی پارێز مەبەست ئەوە گەشەکردنی دەروونی، سێکسی، کۆمەڵایەتی و جەستەیی منالّ و لاو بپارێزرێت.

تەمەنی پارێز هەروەها چالاکیەکانی ناو ئینترنێتیش لە خۆ دەگرێتەوە.

هەروەها هەوڵدان و پێشنیاری کاری سێکسی تاوانێکن کە سزای بۆ دیاری دەکرێت.

لە یاسای تاوانەکاندا هەروەها ڕێوشوێنی سنووردار هەیە کە بە پێی ئەو پێوەندی سێکسی کاتێک بە تاوان ناژمێردرێت کە مافی چارەنووسی سێکسی کەسی بەرامبەر پێشێل نەکرێت و هەروەها لە باری پێگەیشتوویی تەمەنی، ڕۆحی و جەستەییەوە جیاوازیەکی زۆریان نەبێت.



# تاوانە یان نا؟




کەسی ١٣ ساڵە پێوەندی سێکسی هەیە لە گەڵ کەسی ٢٠ ساڵە.




مامۆستای ٢٨ ساڵە لە گەڵ قوتابی ١٧ ساڵە کردەوەی سێکسی ئەنجام دەدات.

ئەم جۆرە پێوەندیە وەک پێوەندیەکی یەکسان نابیندرێت. گەنجەکە لەوانەیە تەنیا بۆ ئەوەی دڵی مامۆستاکە خۆش بکات ئەو کارە دەکات یا خوت بەهۆی ئەوەی کە ناتوانێ بەرپرچی مامۆستا بداتەوە ئامادەی کردەوەی سێکسیە.




کەسی تەمەن ٢٥ ساڵە، وێنەی رووتی خۆی بۆ کچێ ١٠ بۆ ١٥ ساڵ دەنێرێت و داوای وێنەی رووتی لێ دەکات و لە رێگای کامێرای وێبەوە سەیریان دەکات.




کەسی ١٥ ساڵە و ١٦ ساڵە حەزلێکەری دەکەن و رێز لە یەکتر دەگرن و پێوەندی سێکسیان هەیە.

گەر کەسی ١٥ ساڵە و ١٦ ساڵە پێوەندی حەزلێکەریان هەبێت و رێز لە یەکتر بگرن و پێوەندی سێکسیان بێ زەخت و ناچار کردن بێت، مەرجەکانی تاوان پڕناکرێتەو.ە بە گشتی لە رەوشێکی وادا پێوەندیەکان کەڵک وەرگرتنی خراپتر لە یەکتر نیە بەڵکوو پێوەندیەکی یەکسانی لە نێوان دوو کەسە. جیاوازی تەمەن چەند ساڵ نیە و لەباری گەشەی جەستەیی و رۆحیەوە لاوان نزیکی یەکترن. دایک و باوکی منالّی ١٥ ساڵ لەوانەیە بەجۆرێکی دیکە بیر بکەنەوە سکاڵا بکەن.




کەسی ١٣ ساڵ و ١٤ ساڵ پێوەندی سێکسی پێکەوە گرێدەدەن. ئەو پێوەندیە هیچ زەخت کردن، بە خراپ بەکارهێنان و ناچار کردنێک لە گۆرێدانیە.

هیچ شتێک رێگە لە دوو کەسی خوارەوەی ١٦ ساڵە ناگرێت پێوەندی سێکسیان هەبێت گەر هەردوو لایەن بخوازن و پێوەندیەکە بە زۆر و زەخت نەبێت. لە هەندێک بواردا ئەمە دەتوانێت ببێتە پرسی دەزگای کاروباری منالّپارێزان.




١٤ ساڵە و ٢٠ ساڵە حەزلێکەری دەکەن. ئەوان پێوەندیی سێکسیان نیە.

تەنانەت ئەگەر یەکێک لە لایەنەکان باڵغ و ئەوی دیکە ژێر ١٦ ساڵە بێت دەتوانن حەزلێکەری بکەن. لەو حەزلێکەریەدا نابێت کردەوەی سێکسی وەک ماچ کردن، لاواندنەوەی شوێنی سێکسی یا خود پێکەوە خەوتن هەبێت.

ئافیشەکان بە هاوکاری پۆلیس ساز کراون.

VIGOR

Kurdi sorani